ئەلبوومێکی جمك : هونەری - کلتووری

جەژنی کتێب : جەژنی ژیان

شەهیدانی هەزری کوردی



جەمال عیرفان



عەبدولخالق مەعروف



ئەبوبەکر عەلی

کەرنەڤاڵی جەژنی کتێب

2020/2/26

سێیەم گەنجینەی ڕێزلێنان

موتاز حەیدەری

38559

هەولێر 2020 کوردستان

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

ناساندن

چاپەمەنی:
نەخشەوێنکێشی هونەری - بەڵگەنامەیی

کۆپیپێدەر و دیزاین:
یونان مەعروف ، هیوا عەباس ، موئەید حەمیدەری

دەزگا ، کۆپیپێدەری هیوا

سەرپەرشتی ، موئەید حەمیدەری

ئامادەکردن و ڕێکخستنی ، هیوا عەباس - یونان مەعروف

چاپی یەکەم 2020
هەولێر - کوردستان

چاپخانە ،

تیراژ ، ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (474)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی دراوەتێ

لەبڵاوکردنەوەی : کتێبخانە و ئەرشیفی موئەید حەمیدەری

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بەو نەخشانە ..... پێشکێشە :

جەژنی کتێب

لەباوەشی نەمریی ژنە هەڵکەوتووەکانی کوردستاندا

مومتاز حەیدەری

لەوەتی دایک سالاری بەوپەڕی دژ بەیاسای ژیانی مرۆڤایەتی زیندەبەچاڵ کراوە، کەباوک سالاری بەوپەڕی دژ بەتێکڕای یاساکانی ژیان لەنارد و ناسمان دا داگیری کرد، پرۆسەی تووندوتیژی و ژن کوشتن، بەناوی ناپین و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و چەمکی شەرەف، بەرامبەر ژن لەوساوە، بەهەر جۆرێک بووبێت، زیندە بەنامرۆڤانە بەردەوامی هەیە...!؟!

دیارە بەپێی لۆژیکی زانست و بوونی سروشتی ژیانە، کەنیوەی یەکەمی کۆمەڵ- ژن- مێینەیە، نەک پیاو- نێرینە- چونکە ئەو، واتە ژن سەرچاوە و بنەمای پانتایی ژیان بەناسۆیی فراوان و گەشەی پێ دەکات، کەواتە، ژن دایکی مەزنی کۆمەڵگەیە... بەهەرحاڵ، ژنی کوردیش، بەواتایەکی ووردتر لەدەرەوەی یاسای ژیانی مرۆڤایەتی نییە، لەوساوە هەرچەند بەرامبەر باوک سالاری هێز و توانای هەمەچەشنی زیندە لاواز و دژوار و کوشندەیە، بگرە زۆر سنووردار کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو جەنگە هەرە خوێناوییەدا، قوربانی زۆر قورسی داوە، رێگەی نازادیی خۆی، بەپێی گۆڕانکاری قۆناغەکانی ژیانی کوردەواری تا رادەیەک تەخت کردووە، جا بەهەر جۆرێک لەهەر بوارێکی ژیان بووە، ژمارەیەک ژن و کچانی کوردستان، هۆشیار و نازا و، بگرە قارەمانیش، پێشەنگی نەو خەباتە هەرە سەختە، گرەوی سەرکەوتن وەدەستیان هێناوە... هتد.



نموونەی خۆراگری و گەورەیی ژنی کورد

زۆر بەکورتی، دەمەوێ وەک رێز لێنانێک لەمەڕ گەورەیی ئەو ژنانەی کەبەشێکی مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، نابووری، خوێندەواری، رۆشنبیری، خەباتی سیاسی و نەتەوەکەیان دروست کردووە، ئەم بەرهەمە هونەری، بەڵگەنامەیی، کلتووری، نموونەیی، کەلەسیما و سیفەتی جوانی رەوشتی بەرزی ژن دەکات، بەوپەڕی شانازی و سوپاسەوە پێشکێشیان بکەم

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

نەلبوومێک، کەنجینەیێکی رووناکبیری

جەژنی کتێب : جەژنی ژیان.

بەپێچەوانەی هەرمشەی هەرە کوشندەکەی کۆرۆنا، پەیامی ویستی ئازاد و قەڵەمی نووک خەنجەری دەبان.

ناوەستێ...

کەرنەڤاڵی جەژنی کتێب، کەرێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٦، لەناوەندی رۆشنبیری زانکۆی سەڵاحەددین- هۆڵی کۆچەر بیرکار- بەسوپاسەوە، بەڕێوەچوو، خۆی لەخۆیدا- بەدڵنیاییەوە- بەدیاردەیەکی گەورەی پڕشنگداری کلتووری- رووناکبیری میللی دەژمێرێ، کەچەندین نیشانەی سەرنج راکێش لەخۆی دەگرێت...هتد، لێرەدا، زۆر بەکورتی و بەپەلە ئاماژەیان پێ دەکەم کەکەرنەڤاڵەکە لەناوەرۆکی ئەم ئەلبوومەدا زۆر بەراستگۆیی خۆی دەنوێنێ.

١- بۆ یەکەم جارە، لەسەر ئاساندنی گەورەیی کتێب، بە- جەژنی کتێب- بناسرێ و هاوکات لەسنوور بەدەر، کەڵایەن ئامادەبووە بەڕێزەکانەوە، بەگیانێکی بەرزی پاکەوە جەژنەکە پێشوازی لێ بکرێ.

٢- ڕێزەی هەرە بەرزی، ئامادەبوونی ئەو خەڵکە ئازیزانە- بەهەموو رەنگە جوانیەکانیەوە- بەپێچەوانەی هەرمشەی پەتای کۆرۆنا، خۆی لەخۆیدا، گیانی خۆشەویستی: نەتەوەیی، نیشتمانی، مرۆڤپەروەری، لەگەورەیی کتێب دا خۆی سەلماند و هاوکات ئاوڕدانەوەیەکی وەفاداری کەم وێنە بوو، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارە پاشەگەردانییەی نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووریەدا، بۆ خەباتی پاکی دوێنێ دێرین و دەوری تێکۆشەر و رووناکبیرانی پێشەنگ، لەبەرهەپێش بردنی جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان.

٣- لەماوەی زیاتر لەدوو سەعات، ئامادەبووان بەوپەڕی ڕێزگرتن و پەرۆشییەوە، لەگەڵ تێکڕای برگەکانی کەرنەڤاڵەکە، بەبێ جوولە و هێمنی گوێگرێکی هەست بەرز بوون، ئەوەی جێی ئاماژەیە لەو جۆرە سیمینار و کۆڕ و وتار خوێندنەوە و گفتوگۆکردن تا کۆتایی ئارام و نۆقرە ناگرن..! بەکورتی بەپێچەوانەوە، سەرتاپای هۆڵەکە، بێدەنگییەکی هۆشیارانەی ڕۆمانسی کلتووری و خەبات، بگرە مێژووی دوێنێی زێڕین لەخۆ گرتبوو... هتد.

ئەوەی شایانی زێدە سەرنج راکێش بوو، تا ئێستا لەسەر ئاستی کوردستان، بەتایبەتی لەهەولێری پایتەخت چالاکییەکی کلتووری میللی لەم شێوەیە، لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ڕێکخراوەیی بەڕێوەنەچووە.. بەواتاییەکی وردتر کەرنەڤاڵێکی پراوپڕ سەربەخۆ بوو...! کەواتە، کەرنەڤاڵی جەژنی کتێب: (ئاساندنی شەش کتێبی گرنگ لەبارەی خەباتی سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی و کلتووری حەیدەری زادەکان)، بەجەژنێکی فرە لایەنی کلتووری و نیشتمانی دەژمێرێ...هتد، هەڵبەت لەروانگەی ئەوەی مێژووی هەرە دژوار و زێڕینی کتێب، بەشێکی مەزنی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی دروست دەکات. بۆیەکە جەژنی کتێب ناسنامەی جەژنی ژیان پێی دەبەخشن.

لێرەدا دەڵێم: (سوپاسی کۆتایی نەبێ. بگرە بەرهەمی نموونەی داهێنان بەردەوامی هەبێ. سوپاس-یش هەروا بەردەوام بێ).

هەر هەموومان شاد و سەرفراز بین

موممتاز حەیدەری

٢٠٢٠/٤/١٠

هەولێر- دانیشتووی ماڵەوە، بەفەرمانی ئیمپراتۆری هەرە گەورەی سەرتاپای جیهان کۆرۆنای مرۆڤ کوژی بێ هیچ جۆرە نادرێس.

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library